# شارەزایەکی بواری کەشناسی: ڕۆژانی جەژن باران دەبارێت



سیروان ساڵح، شارەزای بواری کەشناسی ڕایگەیاند، لەڕۆژانی جەژن ئەگەری باران بارین هەیە.

وتیشی، "یەکەم ڕۆژی جەژن کەش زۆربەی کات جێگیردەبێت و لەکاتەکانی ئێوارەی یەکشەممە تاوەکو بەیانیی دووشەممە هەندێك کات ئەگەری بارانبارین هەیە بەشێوەی ناوبەناو و بە بڕی جیاواز لە گەرمیان لاواز دەبێت لە نێوان 3 تاوەکو 5 ملم دەبێت".

باسی لەوەش کردووە، لە ناوچە کوێستانییەکان مامناوەند دەبێت لە نێوان 5 تاوەکو 10 ملم دەبێت لە پارێزگای دهۆك ئەگەر هەیە لە هەندێك شوێن بگاتە 15 ملم.

ئاماژەی بە ئەوەش کردووە، ڕۆژی دووشەممە هەندێك کاتی لە بەیانییەکەیدا ئەگەری بڕێکی کەم باران هەیە، ڕۆژی سێشەممە کە کەش جێگیردەبێت لەگەڵ ئەگەری چەند تاوێکی کورتخایەنی بارانی ناوخۆیی لە ناوچە شاخاوییەکان دەبێت.